
citizens advice

# یارمەتی وەربگرە لە کاتی داوا پێشکەشکردن بۆ کرێدتی جیهانی (Universal Credit)



**یارمەتی کاتی داوا پێشکەشکردن** خزمەتگوزارییەکی تایبەتە، لە لایەن دابیندەکرێت Citizens Advice.

ئەم خزمەتگوزارییە بێبەرامبەرە، سەربەخۆیە، بێلایەنە و زانیارییە نهێنیەکانت دەپارێزێت.

## بێبەرامبەر پەیوەندیمان پێوە بکە.

## 0800 144 8 444

ڕاوێژکاران لە کاتژمێر 8 بەیانی بۆ 6 ئێوارە، لە ڕۆژانی دوو شەممە تا هەینی، بەردەستن.

## بە ئۆنلاین لەگەڵمان بدوێ

**citizensadvice.org.uk/helptoclaim**

پەیوەندیکردن بە ئۆنلاین بەزۆری کاتژمێر 8 بەیانی تا 6 ئێوارە، ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی بەردەستە. ئەگەر هیچ ڕاوێژکارێک بەردەست نەبوو، خانەی چاتکردن دەرناکەوێت.

لەڕێی پەیوەندیکردنی ئۆنلاینەوە، دەتوانیت لەگەڵ ڕاوێژکارێکی ڕاهێنراودا بدوێیت سەبارەت بە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کرێدتی جیهانی – هەروەک چۆن لەڕێی پەیوەندی تەلەفۆنی یان بینینی ڕووبەڕوو ئەم کارە ئەنجام دەدەیت.

## ڕووبەڕوو گفتووگۆمان لەگەڵ بکە

یارمەتی کاتی داوا پێشکەشکردن بە شێوەی ڕوو بە ڕوو لە ئۆفیسەکانی Citizens Advice و لە شوێنەکانی تری وەک کتێبخانەکان و سەنتەرەکانی کار بەردەستە.

لەسەر ماڵپەڕەکەمان وردەکاریەکانی خزمەتگوزاری ڕوو بە ڕوو وەربگرە:
**citizensadvice.org.uk/helptoclaim**

## ڕاوێژەکانمان بە ئۆنلاین بخوێنەوە

**citizesadvice.org.uk/helptoclaim**

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە بۆ خوێندنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کرێدتی جیهانی زانیاریەکانیش ئەمانە لەخۆدەگرن: زانینی ئەوەی کە ئایا خزمەتگوزاری کرێدتی جیهانی تۆ دەگرێتەوە یان نا، یاخود بۆ زیاتر ئاشنابوون بەوەی کە هەریەک لە قۆناغەکانی پرۆسەی پێشکەشکردن چی لەخۆدەگرێت.

## کوالیتی باش، ڕاوێژی سەربەخۆ بۆ هەموو کەس، بۆ 80 ساڵ

ئێمە زانیاری دەبەخشین و ئەو متمانەبەخۆبوونە لای خەڵکی دروست دەکەین کە پێویستیانە بۆ بەرەوپێشچوون- ئەم خەڵکانە دەکرێت هەرکەسێک بن، یان هەر جۆرە کێشەیەکیان هەبێت.

تۆری خێرخوازیەکانی ئێمە بە شێوەی ئۆنلاین و تەلەفۆن و ڕووبەڕوو ڕاوێژی بێبەرامبەر پێشکەش دەکەن.

لەڕێی پیشاندانی بەڵگەی درووستەوە، ئێمە ڕێنمایی کۆمپانیاکان و حکومەت دەکەین کە چۆن دەتوانن بارودۆخی خەڵکی بەرەو باشتر ببەن.

**citizensadvice.org.uk**

©Citizens Advice نیسانی 2019ی

Citizens Advice بریتیە لە کورتکراوەی دامەزراوەی نەتەوەیی نوسینگەی Citizens Advice.
ژمارەی خێرخوازی تۆمارکراو بریتیە لە 279057

یارمەتی کاتی داوا پێشکەشکردن خزمەتگوزارییەکی تایبەتە، لە لایەن دابیندەکرێت(خزمەتگوزاری هاوڵاتیان) Citizens Advice (ڕاوێژی هاوڵاتیان).

ڕاوێژکارە ڕاهێنراوەکانمان دەتوانن یارمەتیت بدەن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی داوا پێشکەشکردن بۆ وەرگرتنی یارمەتی کرێدتی جیهانی، هەر لە کاتی پێشکەشکردن تا ئەو کاتەی یەکەم بڕە پارەی تەواوەتی وەردەگریت.

ئەم خزمەتگوزارییە بێ بەرانبەرە، سەربەخۆیە، بێلایەنە و زانیارییە نهێنییەکانت دەپارێزێت.

دەتوانیت پەیوەندی بە ڕاویژکارەکانمانەوە بکەیت لە ڕێگەی تەلەفۆن و بە شێوەی ئۆنلاین یان یەکتر ببینین بە شێوەی ڕووبەڕوو.



## کرێدتی جیهانی چییە؟

کرێدتی جیهانی بیمەیەکە کە پارەی خەرجیەکانی ژیانی ڕۆژانەت بۆ دابین دەکات.

ئەگەری زۆرە بتوانیت سودمەند ببیت ئەگەر بێکار یان کەمدەرامەت بیت.

ئەم بیمەیە وردە دەبێتە جێگرەوەی 6 بیمەی تر کە ئەمانەن:

- بیمەی خانووبەرە
- پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان نیە
- پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو کەسانەی کە بە شوێن کاردا دەگەڕێن
- پاڵپشتی دارایی منداڵانی خێزانی کەمدەرامەت
- پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو کەسانەی کە دەرامەتیان کەمە
- پاڵپشتی دارایی بۆ خەڵکانی کەمدەرامەت

ناتوانیت داوای کرێدتی جیهانی بکەیت لەکاتێکدا لە هەرکام لەم بیمانە سوودمەند بیت.

ئەگەر لە یەکێک لەم بیمانە سوودمەندیت، دەتوانیت لەم کاتەدا لەسەری بەردەوام بیت - مەگەر بارودۆخت بگۆڕێت. بۆ نمونە، گواستنەوەت بۆ ناوچەیەک کە سەر بە شارەوانییەکی دیکە بێت.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کرێدتی جیهانی و زانینی ئەوەی ئەم خزمەتگوزارییە کێ دەگرێتەوە، سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە. زانیاریەکانیش ئەمانە لەخۆدەگرن: زانینی ئەوەی کە ئایا خزمەتگوزاری کرێدتی جیهانی تۆ دەگرێتەوە یان نا، یاخود بۆ زیاتر ئاشنابوون بەوەی کە هەریەک لە قۆناغەکانی پرۆسەی پێشکەشکردن چی لەخۆدەگرێت.

سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە **citizensadvice.org.uk/universalcredit**

## داوا پێشکەشکردن بۆ کرێدتی جیهانی

دەتوانیت بە شێوەی ئۆنلاین داوا پێشکەش بکەیت بۆ کرێدتی جیهانی، یان لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا، بە ڕێگەی تەلەفۆن یان لە ماڵەوە. دەتوانین لە هەریەک لە بەشەکانی پرۆسەی پێشکەشکردنەکەدا یارمەتیت بدەین.

ئەگەر پێویستت بە هاوکارییە لە کاتی دەستکردن بە داوا پێشکەشکردن بۆ کرێدتی جیهانی، وا باشترە ئەگەر توانیت، سەرجەم ئەو زانیارییانەی کە داواکراون پێشتر ئامادەیان بکەیت. ئەمە کاتت بۆ دەگێڕێتەوە و پرۆسەی داوا پێشکەشکردنەکەش ئاسانتر دەکات.

بۆ داوا پێشکەشکردن، پێویستت بە زانیارییەکانی ناو ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە دەبێت:

- ژمارەی بیمەی نیشتیمانی
- خانووبەرە
- داهات و پاشەکەوتەکانت
- ڕەوشی بەخێوکردنی منداڵ
- هەر بیمەیەکی تر، ئەگەر لێی سوودمەند بیت

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاترسەبارەت بەوەی کە ئایا چیت پێویست دەبێت لە هەریەک لە قۆناغەکانی داواکەتدا **citizensadvice.org.uk/startingyourclaim**m